# کاریگەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان لە دامەزراوە حکومییەکاندا

توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەسەر کارمەندانی یەکە کارگێڕییەکانی سەربە دیوانی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر

**پ.د. ارام ابراهیم حسێن[1] - علی محی الدين قادر[2]**

[1+2] بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دۆزینەوەی کاریگەری پەیوەندی کۆمەڵایەتیی نێوان کارمەندانی دامەزراوە حکومییەکانە بەسەر ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیانەوە، هەروەها خستنەڕوی ئاستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کارمەندان لەناوەوە و دەرەوەی دامەزراوەکان. دواتر بە هۆی ئەو داتایانەی کە لە ئەنجامی ڕوپێوکردنی بەنمونە لەسەر 270 یەکە بەدەستهاتون، پاشان شیکردنەوەی ئەو داتایانە بەهۆی کەرستە ئامارییەکانەوە، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کەوا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە نافەرمییەکان، کاریگەرییان بەسەر ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی کارمەندانەوە هەیە، بەشێوەیەک هەرچەندە ئاستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەرزبێت ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیش باش دەبێ، هەروەها لە ئاستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کارمەندان لە دەرەوەی دامەزراوەکاندا، جیاوازی لە نێوان نێر و مێ-دا هەیە.

**کلیلە وشەکان:** پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کارمەند، ڕاپەڕاندنی ئەرک، دامەزراوە.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(3).Paper15

**Received:** 09-Aug-2022

**Accepted:** 07-Sep-2022

**Published:** 29-Sep-2023

**Corresponding Author's E-mail:**

aram.hussen@su.edu.krd

ali.sarbany@su.edu.krd

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

**پێشەکی:**

کۆمەڵناسی زانستێکە چەندین بواری هەیە، یەکێک لەو بوارانە کۆمەڵناسی ڕێکخستن و کارە یان هەندێکجار پێی دەڵێن کۆمەڵناسی دەزگا و دامەزراوەکان، واقیعێکی کۆمەڵایەتی لەنێو دامەزراوەکاندا هەیە، بەتایبەت دامەزراوە حکومییەکان کە تاڕادەیەک شێوەی کۆمەڵگەیەکی نیمچە هەمیشەیی لەخۆیان دەگرن، کە لەوانەیە کارمەندانی ئەم دامەزراوە حکومییانە بەلایەنی کەمەوە 15 تاکو 20 ساڵ هاوکار و هاوپیشەبن لە چواچێوەی یەک باڵەخانەدا ژیانی کارمەندێتی بەسەر ببەن، بۆیە لەم زەمەنەدا کارمەندان بەهۆی کارەکەیانەوە چەندین جۆر پەیوەندی دەبەستن، ئەم پەیوەندیانەش وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بۆتە کێڵگەی لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵناسی ڕێکخستن و کار، دیارە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پرۆسەی کۆمەڵایەتی نێوان کارمەندانە، ڕاستییەکە نکوڵی لێناکرێت، کە کاریگەری بەسەر ڕەفتارو هەڵسوکەوتی کارمەندانەوە هەیە، ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان بەشێکە لە ڕەفتارە فەرمییەکانیان، بۆیە لەوانەیە ئاستی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان لەژێر کاریگەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەڵبەز و دابەز بکات، لەم توێژینەوەیەدا توێژەر هەوڵیداوە ڕاستی ئەم بابەتە بسەلمێنێت، ئەویش لە ڕێگەی میتۆدی چەندی وەسف و شیکاری دیاردەکە دەکات، ئەم توێژینەوەیە لە دو تەوەری سەرەکی پێکهاتوە، کە لایەنی تیۆری و لایەنی مەیدانییە، لەلایەنی تیۆرییەکەی سەرەتا ڕەگەزە سەرکیەکان و پێناسەی گۆڕاوەکان و چەمکەکان خراوەنەتەڕو دواتر ئەنجامی هەندێک لە توێژینەوەکانی پێشو ئاماژەی پێکراوە، لایەنی مەیدانیش خستنەڕوی میتۆد و کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوەکەو ئەنجامی توێژینەوەکە لە خۆی دەکرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:**

**1.1. گرفتی توێژینەوەکە:**

پرسیارگەلێکی تەمومژاوی هەن کەوا زەینی توێژەریان دەربارەی بابەتێک قاڵکردوە؛ پێویستیان بە ڕاڤەکردن هەیە وەڵامی ڕونیان پێویستە (الدليمي وصالح، 2014: 43)، لە سۆنگەی هەستکردنی توێژەر بە بونی بابەتێک کە شایەنی لێکۆڵینەوەیە، کە تێیدا هەست بە بونی گرفتێک دەکات و بیر لە دۆزینەوەی ڕێگایەک دەکاتەوە بۆ چاسەرکردنی. ئەم بابەت و گرفتە سەرەتایەکن بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی (ابوسليمان، 2005: 47)، هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بۆ توێژینەوە لە ئەنجامی دروستبونی چەند پرسیارێک و هەستکردن بە بونی گرفتێک لەلایەن توێژەرەوە سەرچاوەی گرتوە، کە لە دەزگاو دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە، ئەویش گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی وەڵامگەلێکی زانستیانەو ڕون بۆ ئەو کاریگەریانەی کەوا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان لەلایەن کارمەندانی دامەزراوە حکومییەکان دروستی دەکەن. "زانایانی کۆمەڵناسی لە قوتابخانەی ئەرکگەرایی پێیان وایە کە دیاری کردنی گرفتی توێژینەوە گرنگترە لە چارەسەرکردنی خودی گرفتەکە" (البرواري، 2020: 72) لە ژێر ڕۆشنایی ئەوەی کە لەسەرەو خرایەڕو بۆ دەستنیشانکردن و ڕونکردنەوەی زیاتری گرفتی توێژینەوەکە، توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بەدوای وەڵامی دروستی ئەم پرسیارانەی خوارەوەدا دەگەڕی:

**1.1.1.** ئایا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان کارمەندانی دامەزراوە حکومییەکان لە دەرەوە وناوەوەی دامەزراوەکان لە چ ئاستێک دایە؟

**1.1.2.** ئایا ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان لەنێو دامەزراوە حکومییەکاندا لە چ ئاستێک دان؟

**1.1.3.** ئایا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کاردەکەنە سەر ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی کارمەندانی نێو دامەزراوە حکومییەکان؟

**1.1.4.** ئایا گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان (**ڕەگەز، تەمەن، باری کۆمەڵایەتی، ئاستی خوێندەواری، ماوەی خزمەت**) ڕۆڵیان هەیە لە کاریگەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەسەر ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی کارمەندانی نێو دامەزراوە حکومییەکان؟

## 1.2. گرنگی توێژینەوەکە:

بابەتی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان لە دامەزراوە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە، دامەزراوە حکومییەکان ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ژیانی هاووڵاتیان و تاکەکانی کۆمەڵگەوە هەیە، هەروەها پەیوەندییەکی دیالێکتیکیش لە نێوان کۆمەڵگە و دامەزاوەکانی حکومەتدا هەیە، ئەمەش وای کردوە هەمیشە جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانی توێژەران بێت، "هەمو توێژینەوەیەک گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و دەبێت لە دو تەوەردا خزمەت بە ڕەوتی زانستی و ژیانی مرۆڤەکان بکات" (شەوانی، 2015: 206). بۆیە ئەم توێژینەوەیە وەک هەر توێژینەوەیەکی زانستی لە دو تەوەرەوە گرنگی خۆی هەیە:

**1.2.1.** لە ڕوی تیۆرییەوە؛ ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر کاریگەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان واتە پەیوەندییە نافەرمییەکان لەسەر ڕەفتارو ئەدای کارمەندانی حکومەت لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکە فەرمییەکانیان لەنێو دەزگاو دامەزراوە حکومییەکاندا، ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کەوا لە گروپە نافەرمییەکان سەرچاوەیان گرتوە، تێکەڵ بە کارە فەرمییەکانی دامەزراوە حکومییەکان کراون، ئەم پرسانە لەم توێژینەوەیەدا ڕوندەکرێنەوە، ئەمەش بە خاڵێکی گرنگ دادەنرێت، لەبەرئەوەی ئەم بابەتە لەڕوی زانستیەوە وەکو پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە و کاری لەسەر نەکراوە، بۆیە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا هەولیداوە بەسودوەرگرتن لە سەرچاوەکانی هەردو بواری کۆمەڵناسی و زانستە کارگێڕییەکان گۆشەیەک لە لایەنەکانی کۆمەڵگەی نێو دامەزراوە حکومییەکان ڕون بکاتەوە.

**1.2.2.** لەڕوی پراکتیکیەوە؛ ئەم توێژینەوەیە کەلێنێک لە بۆشایی زانستی لە هەرێمی کوردستان پڕدەکاتەوە و بەشداری دەکات لە دەوڵەمەندکردنی ئەکادیمی بەتایبەت لە بواری کۆمەڵناسی ڕێکخستن و دامەزراوەکان، لە لایەکی تر سودی زۆرە بۆ ڕوبەڕوبونەوی یەکێک لە گرفتەکانی ناو دامەزراوە حکومییەکانی هەرێمی کوردستاندا هەن، لە هەمان کاتدا واڵاکردنی دەرگایەکە بۆ ئەو توێژەر و کەس و لایەنانەی کەوا لە داهاتودا دەیانەوێت بایەخ بە پرسی زاڵبونی ڕەفتارە نافەرمییەکان بدەن لە نێو دامەزراوە فەرمییەکاندا.

### 1.3. ئامانجی توێژینەوەكە:

هەموو توێژینەوەیەک ئامانجی خۆی هەیە، ئامانجەکانی توێژینەوە بەشێوەی گشتی دادەنرێن و هەوڵدەدرێن لە پرۆژەی توێژینەوەکەدا بەدیبهێنرێن؛ یاخود سنووردارترو وردتر دەکرێنەوەو؛ مەبەستە تایبەتیەکانی توێژینەوە دیاریدەکەن (بۆکانی، 2020: 42)، ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیەش لەم خاڵانەی خوارەوە خراونەتەڕو:

**1.3.1.** دەرخستنی ئاستی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی كارمەندان لە دەرەوە و ناوەوەی یەكە كارگێڕییەكانی دامەزراوەی زانكۆی سەلاحەددین.

**1.3.2.** دەرخستنی ئاستی ڕاپەڕاندنی ئەركەكان لەلایەن یەكەكانی نمونەی توێژینەوەكە.

**1.3.3.** دەرخستنی كاریگەریی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان لەسەر ڕاپەڕاندنی ئەركەكان لەلایەن یەكەكانی نمونەی توێژینەوەكە.

**1.3.4.** دەستنیشانكردنی ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەكان (**ڕەگەز، تەمەن، باری كۆمەڵایەتی، ئاستی خوێندەواری، ماوەی خزمەت**) لە سەر ئەنجامی توێژینەوەكە.

**دووەم: سنووری توێژینەوەكە:** سنووری تەقەڵاو كارە مەیدانیەكانی ئەم توێژینەوەیە لە هەر سێ بواری (مرۆیی و شوێنی و كاتی) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

**2.1. بواری مرۆیی:** هەموو كارمەندانی یەكە كارگێڕییەكانی سەربە دیوانی سەرۆكایەتی زانكۆی سەلاحەددین-هەولێر دەگرێتە خۆی كە 270 یەكەی وەك نمونەی توێژینەوەكە وەرگیراون.

**2.2. بواری شوێنی:** توێژینەوەكە لە سنووری یەكە كارگێڕییەكانی زانكۆی سەلاحەددین لە شاری هەولێر، هەرێمەی كوردستان- عێراق ئەنجامدراوە.

**2.3. بواری كاتی:** ماوەی ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەكە لە 2022/3/15 دەستپێدەكات تاكو 2022/6/15.

### سێیەم: پێناسەی چەمكەكان:

### 3.1. پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكان:

"ماكس ڤیبەر" (1864 – 1920) دەڵێت: پەیوەندی كۆمەڵایەتی بۆ وێناكردنی هەڵوەرجێک بەكاردێت، كە دو، یان چەند كەسانێک بەشداری ڕەفتارێکن، كە تێیدا هەر كام لەوان، ڕەفتاری ئەوەی دیكە بە شێوەیەكی مانادار لێكدەداتەوە، لە ئاكامدا ڕەفتاری ناوبراو لەسەر ئەم بنەمایە لایەنگیری دەكرێت، لەبەرئەمە، پەیوەندی كۆمەڵایەتی بەتەواوی بریتییە لەم ئەگەرە، كە تاكەكان بە شێوەیەكی مانادار و بەدڵنیایی لە بەدیهاتنەكەی ڕەفتار دەكەن (ڤیبر، 2011: 56).

"عبد الحسین" (2012) پێناسەیەكدا دەڵێت؛ پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان ئەو ڕەفتارە نمونەییانەن كە لە كارلێكی كۆمەڵایەتیی بەردەوامی نێوان تاكەكان و گروپەكانەوە سەرچاوەیانگرتوە (عبدالحسین، 2012: 180).

ئەو پەیوەندییانەی لە نێوان مرۆڤێک و مرۆڤێکی دیکە بەڕێوەدەچن، بە جۆرێک لە نێوانیاندا کارلێککردن و وەلآمدانەوە دەبێت، ئەو پەیوەندییانە بنچینەی یەکەمن بۆ هەمو پرۆســـە کۆمەڵایەتییەکان، دەکرێ هەردو دیاردەی پەیوەندیکردن و دابڕان بە دو جەمسەری پێوانەیی کۆمەڵایەتی دابنرێن (بەدەوی، 2021: 201).

"ئەلنەجاڕ" (2013) لە پێناســـەیەکدا بەم شـــێوەیە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەناســـێنێت کە؛ بریتییە لەو ڕەفتارە ئاڵوگۆڕەی نێوان تاکەکان و گروپەکان وەک بەرو ئەنجامی پرۆسـەی کارلێکی کۆمەڵایەتیی نێوانیان لە دۆخێکی دیاریکراودا، ئەمەش پاڵ بە تاکەکان و گروپەکانەوە دەنێت بۆ بەدیهێنانی پێداویست و مەبەستەکانیان (النجار، 2013: 22).

مەبەســـتی توێژەر لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەم توێژینەوەیە: **بریتییە لەو پەیوەندییە نافەرمیانەی نێوان کارمەندانی یەکە کارگێڕییەکانی دامەزراوەوەی زانکۆی ســـەلآحەددین، کە لە کاتی کارکردن و دوای کارکردن هەیانە.**

## 3.2. ڕاپەڕاندنی ئەرک:

پێناســـەی زمانەوانی ڕاپەڕاندن: لە فەرهەنگی خاڵدا ڕاپەڕاندن بە واتای جێبەجێکردن دێت (خاڵ، 2005: 213)، بەهەمان شێوە ڕاپەڕاندن، لە هەمبانەبۆرینە بە واتای ئەنجامدان هاتوە(موکریانی، 1990: 338).

ڕاپەڕاندنی ئەرک، ئەو کارەیە کە تاک ئەنجامی دەدات و بەپێی پێوەرە بابەتییەکان (چەندێتی و چۆنێتی و کات) دەگات بە دەســـتکەوتەکانی، لە هەمان کاتدا ڕاپەڕاندنی ئەرک، ڕەفتاری تاکە لە ئەرکەکەیدا، هەروەها ڕەفتـاری تـاکە لەگەڵ هـاوکـار و بەرپرســـەکـانی لە کـارەکەیدا. لە لایەکیتر "ڕاپەڕانـدنی ئەرک" بە ڕەفتـاری ئامانجداری کار پێناسە دەکرێت (الدمرداش، 2018: 33).

"ئەلعەیفە" (2015) لە پێناســـەیەکی کارڕاییدا دەڵێت: ڕاپەڕاندنی ئەرک، پلەی بەدەســـتهێنان و تەواوکردنی ئەرک و بەرپرســـیارێتیە جۆراوجۆرکانی کارمەندە لەو دامەزراوە یان ئەو ڕێکخراوەی کە کاری تێدا دەکات (العیفة، 2015: 128).

پێناســـەی ڕاپەڕاندنی ئەرک بۆ بابەتی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە: **ئەنجامدان و جێبەجێکردنی ئەو ئەرک و کارانەی کە کارمەندی گشـــتی لە ژێر ڕێنماییەکانی دامەزراوەی زانکۆی ســـەلآحەددین وەک دامەزراوەیەکی گشتی کە بە شێوەیەکی هەمیشەیی کاری تێدا دەکات.**

## 3.3. کارمەندی گشتی:

بەپێی یاسـای ڕاژەی شـارستانی عێراقی ژمارە 24ی سـاڵی 1960ی هەموارکراو؛ دو پێناسـە بۆ دو جۆری کارمەند کراوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

**فەرمانبەر:** هەمو کەسێکە کە ئەرکێکی هەمیشەیی لە نێو میلاکی تایبەت بە فەرمانبەرانی پێ سپێردراوە.

**بەکارهێنەر (مســـتخدم):** هەمو کەســـێکە کە حکومەت لە ڕاژەدا لە نێو میلاکی هەمیشـــەیی تایبەت بە فەرمانبەران بەکاریدەهێنێت(حياوي، 2021: 12).

کەواتە کارمەندی گشـــتی ئەو کەســـەیە کە ئەرکێک لە دامەزراویەکی گشـــتی لە میلاکی وەزارەتێک یان فەرمانگەیەکی حکومی پڕدەکاتەوە (دەرگەڵەیی، 2021: 29)، واتە کارمەندی گشـــتی یان ڕونتر بگوترێت کارمەندی حکومەت، ئەو کەســـەیە کە لە یەکێک لە لە دامەزراوەکانی حکومەت بەپێی پســـپۆرییەکەی خۆی ئەرکێکی تایبەتی پێسپێردراوە و بە بڕیاری حکومەت بە شێوەیەکی هەمیشەیی دامەزراوە.

پێناسـەی کارمەندی گشتی بۆ ئەم توێژینەوەیە: **بریتییە لە هەمو ئەو کەسانەی کە بەشێوەیەکی هەمیشـەی لە یەکێک لە یەکە کارگێڕییەکانی سـەربە دیوانی سـەرۆکایەتی زانکۆی سـەلاحەددین – هەولێر، بەپێی یاسـای ڕاژەی شارستانی و ڕاژەی زانکۆیی بە شێوەی هەمیشەیی دامەزراون دەگرێتەوە.**

### 3.4. دامەزراوە:

دامەزراوە لە وشـــەی لاتینی (institutio) وەرگیراوە بە مـانـای دامەزرانـدن و میتۆد و پەروەردە دێت (فيريول، 2011: 112). فەرهەنگی وێبستەر (دامەزراوە – Institution) وەک (ڕێکخستن –Organization) دەناســـێنێت، کە ئامانجێکی کۆمەڵایەتی، ئایینی یان پەروەردەیی لەخۆیدەگرێت، وەک: قوتابخانە، کڵێســـا، چاکسازی، دامەزراوە ئابورییەکان، بیرۆکراتییە فەرمییەکان (Webster, 2014: 856).

کۆمەڵناســـی هاوچەرخ، "**ئەمیتای ئەتزیونی**"(1964) پێناســـەی دامەزراوەکان دەکات، بەوەی کە؛ یەکەی کۆمەڵایەتیین یان گروپگەلێکی مرۆیین، بە مەبەســـتی بەدیهێنانی ئامانجگەلێکی دیاریکراو دروســـتکراون (Etzioni, 1964: 3).

هەروەها بەپێی فەرهەنگی ڕەخنەیی کۆمەڵناسی؛ "دامەزراوە تێکڕای ئەو چالاکییانە دەگرێتەوە کە لە ڕێگەی پێشـــبینی جێگیرو دولایەنە تۆمارکراون، کاتێک کارەکتەر ڕۆڵگێرانەکەی هێزی پێدەبەخشـــێت، دەتوانێت ئیمتیازەکانی ئەو ڕۆڵە لە پێناوی بەرژەوەندی خۆی بەکاربهێنێت، یان لەبری بەســـەرچاوەدانانی خۆی و بەرژەوەندییەکانی و بە هۆی ئەو بەرپرســـاریێتیەی لە ئەســـتۆیدا، بە لەخۆبردوی پێشـــەنگی بدات بە پابەندیە پیشەییەکانی و ڕوانگەی هاوبەشەکانی" (بۆدۆن، بۆريکۆ، 2019: 373).

مەبەســـت لە دامەزراوە لەم توێژینەوەیەدا بریتییە **لەو فەرمـانگە و یەکە کـارگێڕیـانەی، کەوا بەنـدن بە ڕاپەڕاندنی کاروباری ژیانی ڕۆژانەی هـاوولاتیان، لە چوارچێوەی ســـنورێکی کارگێڕی دیارکراودا، لە ژێر کۆمەڵێک یاسا و ڕێنمایی بەڕێوەدەچن، و بە شێوەکی فەرمی ڕێکخراون.**

### 3.5. دامەزراوە حکومییەکان:

دامەزراوە فەرمییەکان، کارگێڕییە گشـتیەکان، ڕێکخسـتنی فەرمی، دامەزراوە بیرۆکراتییەکان، ئەم چەمکانە هەمویان یەک واتا دەدەن بە دەســـتەوە، ئەویش دامەزراوە حکومییەکانە. ئەم دامەزراونە شـــێوە و قەبارەی

جیاوازیان هەیە، لەوانەیە زۆر گەورەبن؛ وەک دامەزراوەی سەرۆکایەتییەکان و وەزارەتەکان و دەستە گشتییەکان، لە وانەشە بچوک و مامناوند بن؛ وەک فەرمانگەکان و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان. کەواتە لە هەر شوێنێک، یەکێک لەم چەمکانەی سەرەوە کەوتە بەرچاو، بە دامەزراوەی حکومی دەناسێندرێت، ئەم چەمکانەی سەرەوە لە ڕوانگەی زانستە جیاجیاکانەوە بەکارهێنراون، بۆیە جیاواز دەردەکەون، لێ گوزارشت لە یەک ناوەڕۆک و واتا دەکەن(عبدالله، 2006: 44-45).

دامەزراوەی فەرمی لە بنەڕەتدا، ڕێکخراوێکی فەرمییە، چونکە ئەگەر پێناسەی ڕێکخراو بکرێ، هەمان ئەو ئەرک و ئامانجە لە خۆی دەگرێت، کە لە دامەزراوەدا هەیە. بۆنمونە "ڕێکخراو، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، کە بەشێوەیەکی هۆشیارانە و شارەزایانە هاوئاهەنگ دەکرێت و کۆمەڵێک سنوری تاڕادەیەک دیاریکراوی هەیە و بۆ وەدیهێنانی ئامانجێک یان چەند ئامانجێک، لەسەر بنەمای کۆمەڵێک بنچینە و توخمی هەمیشەیی، چالاکە و هەوڵدەدات" (ڕۆبینز، 2012: 15). بەشێوەیەکی ڕونتر، ڕێکخراو لە کۆمەڵە تاکێک پێکهاتوە، لە سنوری شوێنێکی دیاریکراو بۆ ئامانجێکی دیاریکراو چالاکی دەکەن، و هۆیەکە بۆ بەیەکگەیشتنی کۆمەڵە کەسێک بە هۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێو ڕێکخراوەکە، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی ڕێکخراوەکە کاردەکەن (صادق و ئەوانیتر، 2020: 5). لێ ڕێکخراوی فەرمی یان ڕێکخراوی حکومی، واتە ئەو ڕێکخراوانەی کە دەوڵەت دروستی کردون ئەرکیان وەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکانە (صادق و ئەوانیتر، 2020: 8)

دامەزراوە حکومییەکان کە هەندێک جار پێیان دەگوترێن ڕێکخستنی فەرمی، بریتییە لەو بەشەی بونیادی ڕێکخستنەکان، کە بەپێی ڕێسا و پێوەری ڕون بە تەواوی دیاریکراون، یان سیستەمگەلێکە لە ڕێسا و ئامانج، شێوازی ڕەفتار و پێگەکان کە بەفەرمی بڕیاری لێدراوە دیاری دەکات و جەخت لەسەر دابەشکردنی کار دەکاتەوە (عبدالله، 2006: 44)، بۆیە ڕێکخستنی فەرمی لە سەر بنەمای ئەو ئەرک و پێگانەی کە ئەندامانی ڕێکخراو و دامەزراوەکان کاری تێدا دەکەن پێکهاتوە، کە هەر ئەندامێکی دامەزراوەکە پێگە فەرمییەکەی بە پەیوەندیە فەرمییەکان دیاریکراوە (لطفی، 2007: 42). کەواتە دامەزراوە فەرمییەکان بریتین؛ لە ڕێکخستن، لەسەر بنەمای ڕێسا، سیاسی و یاسایی و ئابورییەکان ، گرێبەستی دیاریکردنی ڕەفتاری تاکەکانی تێداکراوە (Barbosa et al, 2019: 2).

**مەبەستی توێژەر لە دامەزراوە حکومییەکان ئەو فەرمانگە و دامەزراوانە دەگرێتەوە، کە سەربە دەستە و وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانن. بۆ بابەتی ئەم توێژینەوەیە جەختکراوەتەوە سەر دامەزراوەی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر و یەکە کارگێڕییەکانی.**

**چوارەم: تیۆری توێژینەوەکە:** سەبارەت بە بابەتی ئەم توێژینەوەیە تیۆری زۆر هەن کە ڕاڤەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کار ڕاپەڕاندن دەکەن لە نێو دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان و دامەزراوە بەرهەمدارەکان، بە هەردو جۆری حکومی و ناحکومییەکانەوە.

لێرەدا توێژەر پشـــتی بە تیۆری "**پەیوەندییە مرۆییەکان**"ی "ئاڵتون مایۆ" (1880–1949) و هـاوڕێکانی بەستوە. لەبەرئەوەی لە دو لاوە سودی بۆ ئەم توێژینەوەیە هەیە، لەلایەک باس لە پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانی نێوان کرێکاران دەکات لە لایەکیتر جەخت لەسەر هۆکارەکانی بەرزبونەوەی بەرهەم دەکات.

"ئاڵتون مایۆ" پێوایە کە گرنگترین توخمەکانی بەرهەمهێنان بریتییە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی باشـی نێوان بەرپرســـی دامەزراوەکان و کارمەندەکانیان، کە ئەم پەیوەندییە ئەرێنییەی نێوانیان بوتە هۆی بەرزبونەوەی ئاستی بەرهەم، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو توێژینەوانە بو کە لە کارگەکانی شاری "هۆثۆرن"ی سەربە کۆمپانیای وســـترن ئەلیکتریک لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەگەڵ هاوڕێکانی ئەنجامی دابون (لطفي، 2007: 177) لە ئەنجامی توێژنەوەکان دەرکەوت کە بایەخدان بە لایەنە ماددی و مرۆییەکان، بەیەکەوە بەرهەمی کرێکارانی دامەزراوەکان زیاد دەکات کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی وەک پێداویستێکی زەروری کرێکاران وەسفکردبو، بە پشتگوێخستنی ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە ئاستی بەرهەم ڕو لە کەمی دەکات (صادق، 2020: 46).

## پێنجەم: توێژینەوەکانی پێشو:

**5.1. توێژینەوەی هەردو توێژەر** (المرغني، اســـمهان البشـــير و اللافي، ليلى محمد (2021) *العلاقات الاجتماعية و انعكاساتها على مستوى الأداء الوظيفي*.)

توێژینەوەکەیان بە ناونیشـــانی؛ "پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەنگدانەوەیان لەســـەر ئاســـتی ڕاپەڕاندنی ئەرک" توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەســـەر کارمەندانی کۆلێژی پەروەردەی ئەلزاوییە، زانکۆی ئەلزاوییە لە وڵاتی لیبیا ئەنجامدراوە.

ئامانجی ســـەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ئاســـتی ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئاستی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان لەلایەن کارمەندانی کۆلێژی پەروەردەی ئەلزاوییە.

ئامانجە لاوەکییەکانیش بریتین لە: زانینی گرنگترین ڕەهەندەکانی پابەندبونی کارمەندان بە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان لە کۆلێژی پەروەردەی ئەلزاوییە، و زانینی ســـروشـــتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە لەنێو کارمەندانی کۆلێژی پەروەردەی ئەلزاوییە بڵاوە، و گەڕان بەدوای پەیوەندی نێوان هەندێک لە گۆڕاوەکانی (جێندر، ســاڵانی خزمەت، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان) و ئاســتی ڕاپەڕاندنی ئەرک لەلایەن کارمەندانی کۆلێژی پەروەردەی ئەلزاوییە. توێژەران میتۆدی وەســـفی بەراوردکاریان بەکارهێناوە، قەبارەی نمونەکەیان (65) یەکەیە، لە کۆتاییدا ئەنجامەکان دەریانخســـتوە کە خۆشـــەویســـتی و ئینتیما بۆ کۆلێژ لە ئاســـتێکی بەرزدایە، نمونەی توێژینەوەکە دڵسۆزن بۆ کارەکەیان و پابەندن بە بنەما سەرەکییەکانی کار، پارێزگاری لە کەلوپەلەکانی کۆلێژ دەکەن، و ســـروشـــتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان کارمەندانی کۆلێژی پەروەردەی ئەلزاوییە بەهێزبو، جا پەیوەندییەکە لە نێوان کارمەندان و بەرپرسەکانیان لە دەرەوەی کۆلێژ بێت یان لە ناوەوەی کۆلێژ، یـان لەنێوان خودی کـارمەنـدان خۆیـان بێت. و پەیوەنـدییەکی ئـامـارگری هەیە لە نێوان گۆڕاوی پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکان و ئاســـتی ڕاپەڕاندنی ئەرک لەلایەن کارمەندانی کۆلێژی پەروەردەی ئەلزاوییە. و ئەنجامەکان

دەریانخســـت كە جیاوازییەكی ئامارگری هەیە لە نێوان گۆڕاوی جێندر و ئاســـتی ڕاپەڕاندنی ئەرك لەلایەن كـارمەنـدانی كۆلێژی پەروەردەی ئەلزاوییە، كە جیـاوازییەكە لە بەرژەوەنـدی ڕەگەزی نێرە لە كۆمەڵگەی توێژینەوەكە. و ئەنجامەكان دەریانخست كە جیاوازییەكی ئامارگری هەیە لە نێوان گۆڕاوی سـالانی خزمەت و ئاستی ڕاپەڕاندنی ئەرك لەلایەن كارمەندانی كۆلێژی پەروەردەی ئەلزاوییە.

## 5.2. توێژینەوەی هەردو توێژەران

Javadian, Seyed Raza and Hosseini, Atefea (2020) *The Relationship between Social Support and Job Performance of Social Workers*.

توێژینەوەكەیان بەناونیشانی "پەیوەندی نێوان پشتیوانی كۆمەلایەتیی و ڕاپەڕاندنی ئەرك لەلایەن توێژەرانی خزمەتگوزاری كۆمەلایەتیی" توێژینەوەیەكی مەیـدانییە لەســـەر نمونەیەك لە توێژەرانی خزمەتگوزاری كۆمەلایەتی شاری "تاران"ی پایتەختی ولاتی ئێران.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان پشـــتیوانی كۆمەلایەتی و ڕاپەڕاندنی ئەرك لەلایەن توێژەرانی خزمەتگوزاری كۆمەلایەتی لە شاری تاران. قەبارەی نمونەكەیان325 یەكەیە، میتۆدی وەسفی بەكارهێنراوە.

ئەنجامەكانی توێژینەوەكە بەم شێوەیە بو: ئەنجامەكان پەیوەندی ئەرێنیان نیشانداوە لەنێوان هەمو پێكهاتەكانی پشـــتیوانی كۆمەلایەتی؛ (پشـــتیوانی ئەندامانی خێزان، پشـــتیوانی هاوڕێیان.) و ڕاپەڕاندنی ئەركەكان لەلایەن توێژەرانی خزمەتگوزاری كۆمەلایەتی و ئەنجـامەكـانیتر دەریـانخســــت، كە توێژەرە ڕەگەز مێیینەكـان و بە تەمەنەكان كاری باشتریان هەیە لەچاو توێژەرە ڕەگەز نێرینە گەنجەكان. بەدەستهێنانی پشتیوانی كۆمەلایەتی تەواو، كوالێتی ڕاپەڕاندنی ئەركەكان باشتر دەكەن لەلایەن توێژەرانی خزمەتگوزاری كۆمەلایەتی.

## 5.3. توێژینەوەی توێژەر (لمیاء، عباسة (2019) *اثر العلاقات الاجتماعیة علی أداء العاملین داخل المؤسسة*).

توێژینەوەكەی بە ناونیشـانی: كاریگەری پەیوەندییە كۆمەلایەتیەكان لەسـەر كار ڕاپەڕاندنی كارمەندان لەنێو دامەزراوەدا، توێژینەوەیەكی مەیدانییە لە دامەزراوەی تەندروســـتی "العجال بلطرش" بازنەی "عین تادلس" لە ویلایەتی "مستغانم" لە جەزائیر، ئەنجامدراوە.

گرنگترین ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە: زانینی سروشت و شێوازەكانی پەیوەندییە كۆمەلایەتییەكانی كارمەندانی دامەزراوەی تەندروســتی. و ڕونكردنەوەی ئاســتی كاریگەری پەیوەندییە كۆمەلایەتییەكان لەســەر ڕاپەڕاندنی كار لەلایەن كارمەندانی دامەزراوەی تەندروستی. و جەختكردنەوە لەسـەر جۆری ئەو پەیوەندییەی كە لە نێو دامەزراوەی تەندروستیدا هەن بایەخیان لە باشكردنی كار ڕاپەڕاندن لەلایەن كارمەندانەوە. و زانینی ئەگەری بونی جیاوازی لە ســـروشـــتی پەیوەندییە كۆمەلایەتییەكان بە هۆی هۆكارو گۆڕاوی ترەوە لەنێوان كارمەندانی دامەزراوی تەندروستی.

توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە، 30 یەکە بە نمونەی مەبەستدار بەپێی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە وەرگیراون.

لە کۆتاییدا توێژەر گەیشتۆتە ئەنجامی ئەوەی: کەوا کارمەند لەنێو دامەزراوەکاندا هەوڵی دروستکردنی پەیوەندییە لەگەڵ هاوکاران و بەرپرسەکانی دەدات، چونکە مرۆڤ لە بنەڕەتدا بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، هەوڵدەدات ئامانجە کەسی و ئامانجەکانی دامەزراوەکە بەدەست بهێنێت. هەروەها بایەخدان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر پەرەپێدان و باشکردنی ڕاپەڕاندنی کار لە دامەزراوەکەدا.

## شەشەم: میتۆدۆلۆژی توێژینەوەکە:

**6.1 میتۆدی توێژینەوەکە**: "میتود ئەو ڕێگایەیە، کە توێژەر بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیارەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان دەیگرێتەبەر" (ئەحمەد، 2020: 50)، "مۆریس ئەنجرس" زۆر بە کورتی دەڵێت: میتۆد بریتییە لە گرتنەبەری کۆمەڵێک پرۆسەی ڕێکخراو لەلایەن توێژەرەوە بۆ مەبەستی گەیشتن بە ئامانجێک (انجرس، 2006: 36)، یان چەند ئامانجێک، توێژەر لە ڕێبازی توێژینەوەکەی بۆ کۆکردنەوەو پۆلێنکردن و شیکردنەوەی داتاو زانیارییەکان پشتی پێ دەبەستێت (الحسن، 2005: 11)، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا بۆ مەبەستی وەسف کردنی بابەت و کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوەکەو شیکردنەوەی داتا بەدەستهاتوەکان توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری گرتۆتەبەر. مەبەست لە میتۆدی وەسفی ئەو میتۆدەیە کە بەشێوەیەکی چەندی و چۆنی وەسفێکی وردی دیاردەکان دەکات وەک ئەوەی کە لە واقیعدا هەیە (زرواتي، 2007: 86).

### 6.2 کۆمەڵگە و قەبارەی نمونەی توێژینەوەکە:

**6.2.1کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**: کۆمەڵگەی توێژینەوە کۆی گشتی ئەو تاکانەیە کە توێژەر هەوڵدەدات ئەنجامەکانی پەیوەندیدار بە گرفتی توێژینەوەکەی بەسەردا بگشتێنی (الدليمي، 2016: 81). کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە گشت کارمەندانی یەکە کارگێڕییەکانی سەربە دیوانی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر، وەک نمونەی توێژینەوەکە بۆ گشت دەزگاو ڕێکخراو و دامەزراوەکانی سەربە حکومەتی هەرێمی کوردستان عێراق، کە کۆی گشتی یەکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە لە (910) کارمەندن وەک لە خشتەتی ژمارە (1) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (1) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە ڕوندەکاتەوە

| دامەزراوە | ژمارەی کارمەندان | | |
|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | کۆ |
| سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر | 513 | 397 | 910[1] |

**6.2.2قەبارەی نمونەی توێژینەوەکە**: کۆمەڵگەی توێژینەوە دابەش دەبێت بەسەر دو جۆر: "کۆمەڵگەی مەبەست" ئەو کۆمەڵگەیەیە کە توێژەر دەیەوێت ئەنجامی توێژینەوەکەی بەسەردا بگشتێنێت واتە کۆمەڵگە گەورەکە کە دەکرێت لەم کۆمەڵگەیەدا بەشێک دیاریبکرێت ببێتە نوێنەریان، کە ئەویش "کۆمەڵگەی بەردەست"ە گشت

ئەندامانی ئەم کۆمەڵگەیە دەخرێنە ژێر توێژینەوەکە چونکە کۆمەڵگەی بەردەست کە زۆربەی جار بە "کۆمەڵگەی نمونە" ناودەبرێت، نوێنەری کۆمەڵگەی مەبەستە. (مارشال، 2001: 1283)، کەواتە نمونە کۆمەڵەیەکە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوە دەکات (جرادات، 2012: 86). لەم توێژنەوەیەدا لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە قەبارەی گەورەیە؛ توێژەر پەنای بردۆتە بەر هەڵبژاردنی نمونە. بەپێی خشتەی " مۆرگان و کریسی" لە بەرامبەر هەر (900) کەسێک (269) یەکە دیاری کراوە (سارانتاکوس، 2017: 320) بۆیە توێژەر لە کۆی (910) کەس (270) یەکەی وەرگرتوە کە ئەمەش ڕێژەیەکی گونجاوە دەتوانێت نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بکات. هەڵبژاردنی نمونەکە بەڕێگەی هەرەمەکی چینایەتییە، توێژەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بۆ پێنج چین بەپێی جیاوازی شوێنی کارکردنی ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دابەشکردوە، کە لە خشتەی ژمارە (2) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (2) نمونەی توێژینەوەکە ڕوندەکاتەوە

| یەکە کارگێڕییەکان | | ژ. کارمەند | نمونە | |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سەرۆکی زانکۆ | 69 | 20.47 | 21 |
| 2 | کاروباری کارگێری و دارایی | 372 | 110.37 | 110 |
| 3 | کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا | 120 | 35.60 | 36 |
| 4 | کاروباری قوتابیان. | 324 | 96.13 | 96 |
| 5 | سەنتەری توێژینەوەی زانستی | 25 | 7.42 | 7 |
| کۆ | | 910 | 270 | 270 |

هاوکێشەی دەرهێنانی نمونەی چینایەتی = ژمارەی تاکەکانی چینەکە/ ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە X قەبارەی نمونەکە (نورەیی، 2021: 52).

### 6.3. کەرستەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:

فۆرمی ڕاپرسی ئامرازێکە لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوە، کە دەکرێت بۆ چوارچێوەیەکی فراوان بەکاربێت، وەک هەمو دانیشتوانی وڵات بگرێتەوە، یان لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکی وەک قوتابخانەیەک بەکاردێت (الضامن، 2007: 91).

لەم توێژینەوەدا پشت بەستراوە بە فۆرمی ڕاپرسی لە شێوەی پێوەر وەک ئامرازێکی سەرەکی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە، کە پێکهاتبو لە (5) پرسیاری کەسی، لەگەڵ (27) برگە کە دابەشکراون بە سەر (2) تەوەری سەرەکی (پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان) هەروەها تەوەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە دو ڕەهەند پێکهاتبو کە (پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دەرەوەی دامەزراوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناوەوەی دامەزراوە) لەخۆی گرتبو، ئەلتەرناتیڤەکانی پێوەرەکان لە ڕێگەی "لیکرتی


چوارینەیی" بو، کە بژاردەکانی بریتیبون لە (بەتەواوی بەسەرمدا دەچەسپێت، بەسەرمدا دەچەسپێت، بەسەرمدا ناچەسپێت، هەرگیز بەسەرمدا ناچەسپێت)

بڕگەکان بە ڕێگەی ڕاستەوخۆوە داڕێژراون، بە سود وەرگرتن لەو زانیاری و هۆشیارییانەی کە لە تیۆرە زانستییەکان بۆ ڕاڤەکردنی بابەتی (کاریگەری پەوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ڕاپەرندنی ئەرکەکان لە دامەزرواەکاندا) نوسراون، هەروەها لە ڕێگەی پرۆسەی خوێندنەوەی توێژەر بۆ بابەتی سەرەکی توێژینەوەکە بەدەستی هێناوە لە بارەی بڕگەکانی پێوەرەکان.

### 6.3.1 بونیادنانی پێوەرەکانی توێژینەوەکە:

شیکاری فاکتەری پشتڕاستکەرەوە(conformity factor analysis – CFA)

بە مەبەستی بونیادنانی پێوەرەکانی توێژینەوەکە بە سەرنجدان بەلایەنی تیۆری وتوێژینەوەکانی پێشو و ڕای شارەزایان، سودمان لە شیکاری فاکتەری پشتڕاستکەرەوە (conformity factor analysis – CFA) وەرگرت بۆ ئەوەی دڵنیابینەوە کە هەریەک لەو بڕگانەی کە وەرمانگرتوە دەتوانێت پێوانەی بەشێک لەو




ڕەهەندە بکات کە بۆی لەبەرچاوگیراوە. (بڕوانە وێنەی ژمارە(01)).

وێنەی ژمارە (01) شیکاری فاکتەری پشتڕاستکەرەوە (CFA) نیشان دەدات

بۆ ئەم مەبەستە بڕگەکانمان بەپێی لایەنی تیۆری لە نێو پرۆگرامی ئامۆس (AMOS) داناو پێوەرەکانی "گونجانی باش" (Goodness- of- Fit) لەسەر مۆدیلەکەیان جێبەجێکرا. پاش سڕینەوەی ئەو بڕگانەی کە قورسایی (Load)ی پێویستیان لەسەر تەوەرەکەیان نەبو، کە بریتیبون لە سڕینەوەی بڕگەکانی (4، 6) لە ڕەهەندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی دامەزراوە، بڕگەکانی (4، 6، 9، 10، 12، 13، 14) لە ڕەهەندی

پەیوەندییەکان لە نێو زانکۆ، هەروەها لە پێوەری ڕاپەڕاندنی کارەکان برگەکانی (6، 8، 9، 10، 11، 12، 13، 15، 16، 17)، پێوەرەکانمان مەرجەکانی گونجانی باشـــی (Goodness- of- Fit) بەدەســـتهێنا ئەمەش بە لەبەرچـاوگرتنی ئەوەی کە (CFI=0.902)، (RAMSEA= 0.063)، (IFI=0.903)، (AGFA= 0.820)، (GFI=0.852)، وەکو لە خشتەی ژمارە (3) دەردەکەوێت.

خشتەی ژمارە (03) نیشاندەرەکانی گونجاوبونی مۆدیلەکە نیشان دەدات

| دۆخی مۆدیل | بەهای مۆدیل | بەهای داواکراو | نیشاندەر |
|---|---|---|---|
| – | – | P-value> 0.05 | X2 (Chi square) |
| زۆرباش | 2.058 | <5.0 | CMIN\DF |
| باشە | 0.852 | >0.90 | GFI (goodness of fit index) |
| زۆرباش | 0.902 | >0.90 | CFI (*Comparative Fit Index*) |
| زۆرباش | 0.820 | >0.80 | AGFI (Adjusted Goodness of Fit Index) |
| زۆرباش | 0.063 | <0.08 | RMSEA (Root Mean Square Error of Approximation) |
| باشە | 0.827 | >0.90 | NFI (Normed fit index) |
| باشە | 0.804 | >0.90 | RFI (parsimony normed fit index) |
| زۆرباش | 0.903 | >0.90 | IFI (Incremental Fit Index) |
| زۆرباش | 0.730 | >0.5 | PNFI (parsimony normed fit index) |
| زۆرباش | 0.796 | >0.5 | PCFI (parsimony comparative fit index) |

### 6.3.2 ڕاستگۆیی و جێگیری پێوەرەکان

لەبەرئەوەی فۆرمی ڕاپرســـی بە کەرســـتەیەکی گرنگی کۆکردنەوە زانیاری دادەنرێت، بۆیە پێوەرەکانی نێو فۆرمەکە پێویســـتیان بە ئاســـتێکی باش لە ڕاســـتگۆیی (Validity) وجێگیری (Reliability) هەیە، بۆیە بەمەبەســتی دڵنیابونەوە لە ڕاســتیەتی و جێگیری پێوەرەکە، تایبەتمەندي ســایکۆســۆســیۆمەتریمان لەســەر پێوەرەکان جێبەجێکرد کە ئەنجامەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە بو:

**أ.ڕاســتگۆیی ڕواڵەتی (Face Validity):** بەمەبەســتی دەســتنیشــان کردنی ڕاســتگۆیی ڕواڵەتی، پێوەرەکانمان ئاراســتەی (٩) شــارەزا لە پســپۆرییە پەیوەندیدارەکان بە توێژینەوەکە کرد کە پاش وەرگرتنی بیروبۆچونیان ســەبارەت بە گونجاوی یان نەگونجاوی هەر یەک لە برگەکان بۆ پێوانەکردنی بابەتی دەســتنیشــانکراو، هەر برگەیەک زیاتر لە (75) لەســەدی شــارەزایان بە گونجاویان زانی وەکو برگەی پەســندکراو لە ناو پێوەرەکە مایەوەو هەیە و هەر برگەیەک لەو ڕێژەیە کەمتری بەدەســـتهێنا لە پێوەرەکە لادرا کە بەم شـــێوەیە هەمو برگەکـان وەکو خۆیـان لە نێو پێوەرەکەدا مـانەوە جگە لە برگەکـانی (24,27) لە ڕەهەنـدی پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکان و برگەی (40) لە ڕەهەندی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان کە ڕێژەی گونجاویان بە دەســـتنەهێناو

لادران. هەروەها پســـپۆران (1) بڕگەیان بۆ پێوەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و (4) بڕگەیان بۆ پێوەری "ڕاپەڕاندنی ئەرک" زیاد کرد.).

**ب. ڕاســـتگۆیی بونیادی پێوەرەکان:** پێوەری یەکەم کە لە دو ڕەهەندی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەنێو دامەزراوەو لە دەرەوەی دامەزراوە پێکدەهات، هەروەها پێوەری دوەم ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی کارمەندانی دامەزراوەکە. بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستیەتی بونیادی، بەسودوەرگرتن لە هاوکۆلکەی پێرسۆن، پەیوەستی هەر بڕگەیەکان لەگەڵ کۆی تەوەرەکەی دەرهێنا. وەکو لە خشـــتەی ژمارە (04) دەبینرێت، هەمو بڕگەکان پەیوەســـتێکی بەڵگەداری ئامارییان لەگەڵ کۆی تەوەرەکەیان هەیە، بۆیە دەتوانین بڵێین کە هەمو ئەو بڕگانەی کە پاش شـیکای فاکتەری پشـتڕاسـتکەرەوە (CFA) مانەوە، پەیوەسـتێکی بەڵگەداریان لەگەڵ کۆی تەوەرەکەیان هەیە، بۆیە پێوەرەکەمان خاوەنی ڕاستیەتی بونیادییە.

خشتەی ژمارە (04) پەیوەستی هەر بڕگەیەک لەگەڵ کۆی تەوەرەکەی نیشان دەدات

| پێوەرەکان | تەوەرەکان | بڕگە | پەیوەست | بڕگە | پەیوەست | بڕگە | پەیوەست | بڕگە | پەیوەست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **پێوەری یەکەم** | پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە دەرەوەی زانکۆ | 1 | 0.687** | 3 | 0.538** | 5 | 0.698** | 7 | 0.631** |
| | | 2 | 0.798** | 4 | 0.571** | 6 | 0.675** | 8 | 0.633** |
| | پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێو زانکۆ | 1 | 0.640** | 4 | 0.528** | 7 | 0.655** | 10 | 0.593** |
| | | 2 | 0.663** | 5 | 0.706** | 8 | 0.647** | 11 | 0.717** |
| | | 3 | 0.687** | 6 | 0.671** | 9 | 0.619** | | |
| **پێوەری دوەم** | ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان | 1 | 0.712** | 3 | 0.677** | 5 | 0.671** | 7 | 0.687** |
| | | 2 | 0.723** | 4 | 0.682** | 6 | 0.648** | 8 | 0.590** |

** P-Value<0.01

**ج. جێگیری** (Reliability): **بەڕێگای** (Test-Retest)

- جێگیری پێوەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەڕێگای دوبارە تاقیکردنەوە، بە مەبەسـتی دەرهێنانی جێگیری پێوەرەکە ســـودمـان لە ڕێگـای دوبـارە تـاقیکردنەوە (Test–Retest) وەرگرت کە بۆ جـاری یەکەم پرسـیارنامەکە بەسـەر (20) کەس لە بەشـدارانی نمونەکە دابەشـکرا و ئەنجامەکانی وەرگیرایەوە، دوای دو هەفتە جارێکی دیکە هەمان پرســیارنامە بەســەر هەمان (20) کەســدا دابەشــکرا و ئەنجامەکانی لە ڕێگای هاوکۆلکەی پێرســۆنەوە (Person)ەوە بەراورد کرا. بەهای پێرســۆن بریتییە لە (0.854) کە بە ئاســتێکی بەرزی جێگیری دادەنرێت. بۆیە دەتوانین بڵێین کە پێوەرەکەمان خاوەنی ئاستێکی زۆر باش لە جێگیرییە.
- جێگیری پێوەری ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان لە ڕێگای دوبارە تاقیکردنەوەبە هەمان شـێوەی پێوەری سـەرەوە بۆ دەرهێنانی جێگیری پێوەری ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان ســـودمـان لە ڕێگای دوبارە تاقیکردنەوە وەرگرت کە

بەهاکەی بریتییە لە (0.856) کە بە ئاستێکی زۆر باش لە جێگیری دادەنرێت ونیشان دەدات بە تێپەڕبونی کات گۆڕانکارییەکی زۆر لە وەڵامدانەوەی بەشدارانی نمونەکە ڕوینەداوە.

**د. جێگیری گونجانی نێوخۆیی بۆ پێوەرەکان: بە ڕێگەی هاوکۆڵکەی "ئەلفا کرۆنباخ"**

- بە مەبەستی دەرهێنانی جێگیری پێوەرەکەکان سودمان لە هاوکۆلکەی ئەڵفا کرۆنباخ وەرگرت کە چۆنیەکی نێوخۆیی برگەکان تاوتوێ دەکات. وەکو لە خشتەی خوارەوە دەبینرێت، بەهای ئەلفای کرۆنباخ بۆ پێوەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان؛ تەوەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە دەرەوەی زانکۆ بریتییە لە (0.830) و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێو زانکۆ بریتییە لە (0.896)، کە بە ئاستێکی بەرز لە گونجانی نێوخۆیی ئەژمار دەکرێت.
- هەروەها بەهای ئەلفای کرۆنباخ بۆ پێوەری ڕاپەڕاندنی کارەکان بریتییە لە (0.857) کە ئەمەش بە ئاستێکی بەرز لە گونجانی نێوخۆیی وجێگیری ئەژمار دەکرێت. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین کە پێوەرەکەمان خاوەنی ئاستێکی بەرزە لە جێگیرییە، وەک لە خشتەی ژمارە (05) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (05) بەهای ئەلفای کرۆنباخ بۆ هەردو پێوەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وراپەڕاندنی ئەرکەکان نیشان دەدات

| پێوەرەکان | تەوەرەکان | Cronbach's Alpha | ژمارەی برگە |
|---|---|---|---|
| **پێوەری یەکەم** | پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە دەرەوی زانکۆ | 0.830 | 8 |
| | پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێو زانکۆ | 0.896 | 11 |
| **پێوەری دوەم** | ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان | 0.857 | 8 |

**حەفتەم: کەرستە ئامارییە بەکارهاتوەکان:** لەم توێژینەوەیەدا پشت بەستراوە بە کەرستە ئامارییەکانی پرۆگرامی "هەگبەی ئاماری زانستە کۆمەڵایەتییەکان" (Statistical Package for Social Scinces) (SPSS)، و پرۆگرامی "شیکاری پێکهاتەکان" (AMOS – Analysis of Moment Structures) بە مەبەستی شیکارکردنی ئەو داتاو زانیارییانەی لەلایەنی مەیدانی توێژینەوەکە بەدەستهاتون سودی لێوەرگیراوە، کەرستەکانیش بریتین لە:

1. ناوەندی ژمێری (Mean)، نێوەند (Median)، مۆد (Mode )، لادانی پێوەری ( Hanneman et al, 2013: 81-95) بۆ دەرهێنانی ناوەندی گۆڕاوەکان و سروشتی دابەشبونی نمونەی توێژینەوەکە.
2. هاوکێشەی پەیوەستی پێرسۆن (Person Correlation Coefficientr) (ترکیة، 2002: 190) بۆ دەرخستنی جێگیری پێوەرەکان.
3. تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەک نمونە (one Sample t-test) (بۆتانی، 2014: 134) بۆ پێوانەکردنی گۆڕاوەکان.
4. تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دو نمونەی جیاواز (Independent Samples t-test) (القصاص، 2014: 139) بۆ پێوانەکردنی جیاوازی نێوان دو گۆڕاو.
5. تاقیکردنەوەی (F) ئەنۆڤا (F. Test One – way ANOVA) (Agresti & Finaly, 1996: 439) بۆ دەرخستنی جیاوازی گۆڕاوەکان کاتێک کە لە دو گروپ زیاتر بێت لەسەر نمونەی توێژینەوەکە.

6. هاوكێشـــــەی شـــیكاری فاكتەری (conformity factor analysis) (Freedman, 2010: 234 ) بۆ ئەنجامدانی شیكردنەوەی فاكتەری (تحليل عاملي).

7. هاوكێشـــــەی ئەلفا كرۆنباخ (Alpha Cronbach) (Finch & French, 2019: 57) بۆ دەرهێنانی جێگیری بە ڕێگای چۆنییەكی ناوخۆیی.

8. هەژمـاركردنی نمرەی پێوانەیی (Z- Scores) (بۆتـانی، 2014: 106) بۆ دەرهێنـانی جیـاوازی كـاریگەری گۆڕاوەكان.

9. ڕێژەی سەدی بۆ شیكردنەوەی تایبەتمەندییەكانی یەكەكانی نمونەكە.

## هەشتەم: خستنەڕوی زانیارییەكان:

**8.1. خستنەڕوی زانیارییەكانی تایبەت بە تایبەتمەندییەكانی یەكەكانی نمونەكە:** تایبەتمەندییەكانی یەكەكانی نمونەكە كە پێكهاتوە لە (ڕەگەز، تەمەن، باری كۆمەڵایەتی، ئاستی خوێندەواری، ماوەی خزمەت) وەک لە خشتەی ژمارە (06) دەردەكەوێت.

خشتەی ژمارە (06)

تایبەتمەندییەكانی یەكەكانی نمونەكە ڕون دەكاتەوە

| ڕەگەز | ژمارە | ٪ | باری كۆمەڵایەتی | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 136 | 50.4 | سەڵت | 50 | 18.5 |
| مێ | 134 | 49.6 | خێزاندار | 220 | 81.5 |
| كۆ | 270 | 100.0 | كۆ | 270 | 100.0 |
| **تەمەن** | **ژمارە** | **٪** | **ماوەی خزمەت** | **ژمارە** | **٪** |
| 25 - 18 | 1 | 0.4 | 8 -- 1 | 7 | 2.6 |
| 33 - 26 | 25 | 9.3 | 16 -- 9 | 78 | 28.9 |
| 41 - 34 | 98 | 36.3 | 24 -- 17 | 126 | 46.7 |
| 49 - 42 | 66 | 24.4 | 32 -- 25 | 35 | 13.0 |
| 57 - 50 | 61 | 22.6 | 40 -- 33 | 22 | 8.1 |
| 65 - 58 | 19 | 7.0 | 48 -- 41 | 2 | 0.7 |
| **كۆ** | 270 | 100.0 | **كۆ** | 270 | 100.0 |

| ئاستی خوێندەواری | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | 6 | 2.2 |
| دەخوێن و دەنوسی | 5 | 1.9 |
| سەرەتایی | 18 | 6.7 |
| ناوەندی | 39 | 14.4 |
| ئامادەیی | 34 | 12.6 |
| دبلۆم | 53 | 19.6 |
| بەكالۆریۆس | 101 | 37.4 |
| خوێندنی باڵا | 14 | 5.2 |
| كۆ | 270 | 100.0 |

**8.2. ئەنجامی زانیارییەکان بۆ ئامانجی یەکەم:** کە بریتییە لە زانینی ئاستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان کارمەندان لە دەرەوە و ناوەوەی یەکە کارگێڕییەکانی زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، بە مەبەستی پێوانەکردنی ئاستیی پەیوەندییە کۆمەڵاییەتیەکان بە هەردو ڕەهەندەکەیەوە، سودمان لە تاقیکردنەوەی (ت) بۆ بۆ یەک نمونە (one sample t-test) وەرگرت، کە ناوەندی ژمێرەیی دەرهێنراو بەراورد دەکات بە ناوەندی گریمانەیی. ئەنجامەکانیش لە خشتەی ژمارە (06) ڕونکراوەتەوە:

**8.2.1. پێوانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە دەرەوەی یەکە کارگێڕیەکانی زانکۆی سەلاحەددین:** جیاوازییەکی بەڵگەدار هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی (23.34) و ناوەندی گریمانەیی (20)، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value=0.000<0.05) و بەهای (ت) دەرهێنراو (13.308) گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی (1.972). بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ناوەندی ژمێرەیی دەرهێنراو گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی، بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین کە پەیوەندییەکان لە دەرەوەی زانکۆ لە ئاستێکی بەرزدایە. کە ئەگەر ناوەندی گۆڕانی تۆمار (Transfer Record)ی پەیوەندییەکان لە دەرەوەی زانکۆ بریتییە لە (2.92) کە نزیکە لە بژاردەی "بەسەرمدا دەچەسپێت".

**8.2.2. پێوانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ناوەوەی یەکە کارگێڕییەکانی زانکۆی سەلاحەددین:** وەکو لە خشتەی ژمارە (07) دەردەکەوێت، جیاوازییەکی بەڵگەدار هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی (36.39) و ناوەندی گریمانەیی (27.5)، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value=0.000<0.05) و بەهای (ت) دەرهێنراو (28.600) گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی (1.972). بە سەرنجدان ئەوەی کە ناوەندی ژمێرەیی دەرهێنراو گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی، بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین کە پەیوەندییەکان لە نێو زانکۆ لە ئاستێکی بەرزدایە. کە ئەگەر ناوەندی گۆڕانی تۆماری پەیوەندییەکان لە دەرەوەی زانکۆ بریتییە لە (3.31) کە دەکەوێتە نێوان لە بژاردەی "بەسەرمدا دەچەسپێت" و "هەمیشە بەسەرمدا دەچەسپێت.

خشتەی ژمارە (07): ئاستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لای بەشدارانی نمونەکە نیشان دەدات

| ڕەهەندی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان | ناوەندی ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەریی | p-value | بەهای (ت) | | بەڵگەداریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| لە دەرەوەی زانکۆ | 23.34 | 20 | 4.125 | 0.000 | 13.308 | 1.972 | بەڵگەدارە |
| لە ناو زانکۆ | 36.39 | 27.5 | 5.105 | 0.000 | 28.600 | 1.972 | بەڵگەدارە |

Df= 269 N= 270

لە خشتەی ژمارە (07) دەردەکەوێت کەوا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە دەرەوە و ناوەوەی زانکۆ لە ئاستێکی بەرزدایە، ئەمەش پشتگیری لە ئەنجامەکانی توێژینەوەی (المرغني واللافي) دەکات کە دەرکەوتبو پەیوەندی نێوان کارمەندان ئاستێکی بەرزدایە، هەروەها توێژینەوەکەی (لمياء) کە لە ئەنجامی توێژینەوەکەی گەیشتبوە ئەو ڕاستییەی کەوا کارمەندان بە بەردەوام هەوڵدەدەن پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەنێوانیاندا بەهێز بکەن.

**8.3. ئەنجامی زانیارییەكان بۆ ئامانجی دووەم:** كە بریتییە لە زانینی ئاستی ڕاپەڕاندنی ئەركەكان لەلایەن كارمەندانی یەكە كارگێڕییەكانی زانكۆی سەلاحەددین- هەولێر، بە مەبەستی پێوانەكردنی ئاستی ڕاپەڕاندنی ئەركەكان لە ڕوانگەی بەشدارانی نمونەكەوە، سودمان لە تاقیكردنەوەی (ت) یەك نمونەی وەرگرت (one Sample t-test) كە وەكو لە خشتەی خوارەوە دەردەكەوێت، ناوەندی ژمێرەیی (27.39) بەشێوەیەكی بەڵگەدار گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی (20)، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی كە (P-Value=0.000<0.05) و هەروەها بەهای (ت) دەرهێنراو (31.975) گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی بە نمرەی ئازادی (269). ئەمەش بە واتایە كە بەشدارانی نمونەكە بەشێوەیەكی گشتی لە ئاستێكی بەرزی ڕاپەڕاندنی ئەركەكانیاندان، ئەمەش لە خشتەی ژمارە (08) ڕونكراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (08): ئاستی جۆرەكانی پەیوەندیی لای بەشدارانی نمونەكە نیشان دەدات

| ڕەهەندی | ناوەندی ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەریی | p-value | بەهای (ت) دەرهێنراو | بەهای (ت) خشتەیی | بەڵگەداریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕاپەڕاندنی ئەركەكان | 27.39 | 20 | 3.799 | 0.000 | 31.975 | 1.972 | بەڵگەدارە |

Df= 269 N= 270

**8.4. ئەنجامی زانیارییەكان بۆ ئامانجی سێیەم:** كە بریتییە لە زانینی كاریگەری پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان لەسەر ڕاپەڕاندنی كارەكانی نێو یەكە كارگێڕییەكانی دامەزراوەی زانكۆی سەلاحەددین.

بە مەبەستی تێگەیشتن لە كاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆكای توێژینەوەكە (پەیوەندییەكان لە دەرەوەو نێو زانكۆ) لەسەر گۆڕاوی شوێنكەوتو (ڕاپەڕاندنی كارەكان)، توێژەر بەسودوەرگرتن لەلایەنی تیۆری و ئامانجەكانی توێژینەوەكە، مۆدیلێكی تیۆری وێناكرد كە لە دو گۆڕاوی سەربەخۆ و گۆڕاوێكی شوێنكەوتو پێكدەهات (بڕوانە وێنەی ژمارە (2)). پاشان بە سودوەرگرتنی لە مۆدیلسازی هاوكێشەی بونیادین (Structural Equation Modeling –SEM)، مۆدیلەكە لە نێو پرۆگرامی ئامۆس ( AMOS – Analysis Moment Structures) جێبەجێكرا و پاشان داتاكانمان لەسەری بار (Load) كرد كە ئەنجامەكانی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

8.4.1 **پەیوەندییەكان لە دەرەوەی** زانكۆ كاریگەرییەكی بەڵگەداری ئاماری لەسەر ڕاپەڕاندنی كارەكان نییە. ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی كە (P-Value>0.05).


8.4.2 **پەیوەندییەكان لە نێو زانكۆ** كاریگەرییەكی بەڵگەداری ئاماری لەسەر ڕاپەڕاندنی كارەكان هەیە بە بڕی (0.973) لادانی پێوەری بەشێوەی ڕاستەوانە. واتە بە زیادبونی هەر لادانێكی پێوەری لە پەیوەندییەكان لە ناو زانكۆ، بڕی (0.973) لادانی پێوەری ڕاپەڕاندنی كارەكان زیاد دەكات و بە پێچەوانەكەشی ڕاستە، واتە بە كەمبونەوەی هەر لادانێكی پێوەری لە پەیوەندییەكان لە نێو زانكۆ، بڕی (0.973) لادانی پێوەری كەمبونەوە لە ڕاپەڕاندنی كارەكان ڕودەدات.

خشتەی ژمارە (09): کاریگەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان نیشان دەدات

| گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوی شوێنکەوتو | بڕی کاریگەری | P-Value |
|---|---|---|
| پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە دەرەوەی زانکۆ ---> ڕاپەڕاندنی ئەکەکان | -0.048 | 0.461 |
| پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ناوەوی زانکۆ ---> ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان | 0.973 | 0.000 |

لە خشتەی ژمارە (9)دا دەردەکەوێت کەوا لە دەرەوەی زانکۆ سەرەرای بەرزی ئاستی پەیوەندییەکە، کارگەری بەسەر ڕاپەڕاندنی ئەکەکانەوە نییە، بەم شێوەیە ئەنجامی توێژینەوەی (Javadian & Hosseini) ڕەت دەکاتەوە کە پێیان وایە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان کارمەندان لە دەرەوەی شوێنی کارکردنیان کار دەکاتەسەر ئەنجامدانی کارەکان لە شوێنی کارکردنیان.

لە هەمان خشتەدا دەردەکەوێت کەوا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێو زانکۆ کاریگەریان بەسەر ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانەوە هەیە کە ئەمەش لەلایەک تیۆرەکەی "ئاڵتون مایۆ" پشتڕاست دەکاتەوە کاتێک دەڵێت: ژینگەی کۆمەڵایەتی نێو کارگەکان و پەیوەندی ئەرێنی نێوان کرێکاران کاردەکاتە سەر بەرهەمهێنان لە لایەکیتر ئەنجامی هەرسێ توێژینەوەکەی پێشو ( Javadian & Hosseini و المرغنی واللافي و لمیاء) پشتڕاست دەکاتەوە کاتێک دەڵێن بەرزی ئاستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان کارمەندانی دامەزراوەکان لە شوێنی کارکردنیان کاردەکاتە سەر باش بونی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان.




وێنەی ژمارە (2) مۆدیلی تیۆری توێژینەوەکە ڕوندەکاتەوە ـ لەلایەن توێژەرەوە

**8.5. ئەنجامی زانیارییەکان بۆ ئامانجی چوارەم :** کە بریتییە لە زانینی ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانە لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

**8.5.1 ڕەگەز:** ڕەگەز یەکێک لە گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانە کە توێژەر مەبەستییەتی ڕۆڵی لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەستنیشان بکات، بۆ ئەم مەبەستە سودمان لە لە تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ (Independent Samples t-test) وەرگرت کە ئەنجامەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە بو:

أ.پەیوەندییەکان لە دەرەوەی زانکۆ: وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت، جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value=0.002<0.05) و هەروەها بەهای (ت) دەرهێنراو (3.138) گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی (1.972) بە نمرەی ئازادی (268) و ئاستی گومانی (0.05). بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی نێر (24.11) گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی مێ (22.56) بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین، کە هۆکاری ئەم جیاوازییە بۆ ڕەگەزی نێر دەگەڕێتەوە بە چەشنێک کە پەیوەندییەکان لە دەرەوەی زانکۆ لای ئەوان بەهێزترە.

ب.سەبارەت بە پەیوەندییەکان لە ناو زانکۆ؛ وەکو لە خوارەوە دەبینرێت، جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value=0.299>0.05) هەروەها بەهای (ت) دەرهێنراو (1.040) بچوکترە لە بەهای (ت) خشتەی (1.972) بە نمرەی ئازادی (268) و ئاستی گومانی.(0.05)

ج. بە مەبەستی دەستنیشان کردنی ڕۆڵی لەسەر ڕوانگەی بەشداران سەبارەت بە ڕاپەڕاندنی کارەکانیان سودمان لە لە تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ (Independent Samples t-test) وەرگرت کە وەکو لە خشتەی خوارەوە دەبینرێت، جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ڕەگەزی نێر ومێدا نییە سەبارەت بە ڕوانگەیان بەرانبەر ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان. ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value=0.312>0.05)، هەروەها بەها (ت) دەرهێنراو (1.012) بچوکترە لە بەهای (ت) خشتەی (1.972) بە نمرەی ئازادی (268).

خشتەی ژمارە (10): ڕۆڵی گۆڕاوی ڕەگەز لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان ڕوندەکاتەوە

| گۆڕاوە سەرەکییەکان | | ڕەگەز | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەریی | p- value | بەهای (ت) دەرهێنراو | بەهای (ت) خشتەیی | بەڵگەدارە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان | لە دەرەوەی زانکۆ | نێر | 136 | 24.11 | 1.55 | 3.962 | 0.002 | 3.138 | 1.972 | بەڵگەدارە |
| | | مێ | 134 | 22.56 | | 4.154 | | | | |
| | لە نێو زانکۆ | نێر | 136 | 36.71 | 0.65 | 5.203 | 0.299 | 1.040 | 1.972 | بەڵگەدار نیە |
| | | مێ | 134 | 36.06 | | 5.002 | | | | |
| ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان | | نێر | 136 | 27.63 | 0.47 | 3.64 | 0.312 | 1.012 | 1.972 | بەڵگەدار نیە |
| | | مێ | 134 | 27.16 | | 3.95 | | | | |

Df= 268 N= 270

**8.5.2.تەمەن:** تەمەن یەکێکی دیکەیە لەو گۆڕاوە دیمۆگرافییانەیە کە توێژەر مەبەســـتییەتی ڕۆڵی لەســـەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان تاوتوێ بکات. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە تەمەن بۆ زیاتر لە دو گروپ دابەشــــکرا، ســـودمان لە تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا وەرگرت بۆ ئەوەی بزانین جیاوازییەکی بەڵگەدار هەیە لە نێوان گروپەکاندا یان نا.

أ.کاریگەری تەمەن لەســـەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەدەرەوە و ناوەوەی زانکۆی ســـەلاحەددین، وەکو لە خشـــتەی ژمـارە (11) دەبینرێـت، لە هەر دو ڕەهەنـدەکەدا (P-Value>0.05)، ئەمەش بەو واتـایە کە جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان گروپە تەمەنییە جیاوازییەکاندا نییە.

ب.کاریگەری تەمەنی کارمەندان لەسەر ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان، وەکو لە خشتەی ژمارە (11) دەبینرێت، (P-Value>0.05)، ئەمەش بەو واتایە کە جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان گروپە تەمەنییە جیاوازییەکاندا نییە.

خشتەی ژمارە (11): کاریگەری گۆڕاوی تەمەن لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕاپەڕاندنی ئەکەکان ڕوندەکاتەوە.

| گۆڕاوە سەرەکییەکان | | سەرچاوەی جیاوازیی | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازادی | ناوەندی ژمێرەیی دوجاکان | بەها (ف) F-test | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان | لە دەرەوەی زانکۆ | نێوان گروپەکان | 161.33 | 5 | 32.27 | 1.929 | 0.090 |
| | | نێوخۆی گروپەکان | 4415.32 | 264 | 16.72 | | |
| | | گشتی | 4576.65 | 269 | | | |
| | لە نێو زانکۆ | نێوان گروپەکان | 93.71 | 5 | 18.74 | 0.715 | 0.612 |
| | | نێوخۆی گروپەکان | 6916.23 | 264 | 26.20 | | |
| | | گشتی | 7009.94 | 269 | | | |
| ڕاپەڕاندنی کارەکان | | نێوان گروپەکان | 126.59 | 5 | 25.32 | 1.780 | 0.117 |
| | | نێوخۆی گروپەکان | 3755.80 | 264 | 14.23 | | |
| | | گشتی | 3882.39 | 269 | | | |

**8.5.3. باری کۆمەڵایەتی:** باری کۆمەڵایەتی نمونەی توێژینەوەکە بریتیبون لە دو گروپی (سەڵت و خێزاندار) کە بە مەبەســـتی دەرهێنانی جیاوازیی نێوانیان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی (دەرەوە و ناوەوەی زانکۆ و ڕابوڕاندنی ئەرکاکانی کارمەندان) سودمان لە تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ ( Independent Samples t-test) وەرگرت. وەکو لە خشـــتەی ژمارە (12) دەردەکەوێت لە هەر دو ڕەهەندەکەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەهەندی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان بەهای (ت) دەرهێنراو بچوکترە لە بەهای (ت) خشـــتەیی و هەروەها (P-Value>0.05)، ئەمەش نیشـــان دەدات کە هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان دو گروپەکەدا نییە.

خشتەی ژمارە (12): ڕۆڵی گۆڕاوی باری کۆمەڵایەتی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نیشان دەدات

| گۆڕاوە سەرەکیەکان | | باری کۆمەڵایەتی | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەری | p- value | بەهای (ت) | | بەڵگەدارە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی | دەرەوەی زانکۆ | سەڵت | 50 | 23.14 | -0.25 | 4.472 | 0.722 | 0.358 | 1.972 | بەڵگەدار نیە |
| | | خێزاندار | 220 | 23.39 | | 4.051 | | | | |
| | ناوەوەی زانکۆ | سەڵت | 50 | 35.92 | -0.57 | 5.883 | 0.526 | 0.637 | 1.972 | بەڵگەدار نیە |
| | | خێزاندار | 220 | 36.49 | | 4.920 | | | | |
| ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان | | سەڵت | 50 | 27.72 | 0.40 | 3.747 | 0.722 | 0.501 | 1.972 | بەڵگەدار نیە |
| | | خێزاندار | 220 | 27.32 | | 3.815 | | | | |

Df= 268 N= 270

**8.5.4. ئاستی خوێندەواری:** ئاستی خوێندەواری نمونەی توێژینەوەکە یەکێکی دیکە لەو گۆڕاوە دیمۆگرافیانە بو کە ڕۆڵی لە دروســــتکردنی جیاوازیی لە نێوان گروپەکان تاوتوێ کرا. بۆ ئەم مەبەســــتە ســــودمان لە تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ (Independent Samples t-test) وەرگرت. وەکو لە خشتەی ژمارە (13) دەردەکەوێت لە هەر دو ڕەهەندەکەی پەیوەندییەکان و ڕەهەندی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان بەهای (ت) دەرهێنراو بچوکترە لە بەهای (ت) خشـــتەیی و هەروەها (P-Value>0.05)، ئەمەش نیشـــان دەدات کە هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان دو گروپەکەدا نییە.

خشتەی ژمارە (13): ڕۆڵی ئاستی خوێندەواری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وراپەڕاندنی ئەرکەکان نیشان دەدات

| گۆڕاوە سەرەکیەکان | | ئاستی خوێندەواری | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەری | p- value | بەهای (ت) | | بەڵگەدارە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان | دەرەوەی زانکۆ | ئامادەیی وکەمتر | 102 | 23.50 | 0.26 | 4.524 | 0.635 | 0.475 | 1.972 | بەڵگەدار نیە |
| | | دبلۆم وبەرزتر | 168 | 23.24 | | 3.873 | | | | |
| | ناوەوەی زانکۆ | ئامادەیی وکەمتر | 102 | 36.61 | 0.36 | 5.601 | 0.592 | 0.537 | 1.972 | بەڵگەدار نیە |
| | | دبلۆم وبەرزتر | 168 | 36.25 | | 4.791 | | | | |
| ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان | | ئامادەیی وکەمتر | 102 | 27.68 | 0.46 | 3.922 | 0.340 | 0.690 | 1.972 | بەڵگەدار نیە |
| | | دبلۆم وبەرزتر | 168 | 27.22 | | 3.723 | | | | |

Df= 268 N= 270

**8.5.5. مـاوەی خزمەت:** مـاوەی کـارکردن یەکێکی دیکە لەو گۆڕاوە دیمۆگرافییـانەیە کە چـاوەڕوان دەکرا جیاوازیی دروســـت بکات لە ئەنجامەکانی تایبەت بە پەیوەندییەکان لە نێو ودەرەوەی زانکۆ، بەڵام وەکو لە خشتەی خوارەوە بەدیدەکرێت لە هەر دو جۆری پیوەندییەکەدا (P-Value>0.05)، ئەمەش بەو واتایە کە هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان گروپەکاندا نیە.

خشتەی ژمارە (14): کاریگەری ماوەی خزمەت لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وراپەڕاندنی ئەرکەکان ڕون دەکاتەوە.

| گۆڕاوە سەرەکییەکان | | سەرچاوەی جیاوازیی | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازادی | ناوەندی ژمێرەیی دوجاکان | بەها (ف) F-test | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان | لە دەرەوەی زانکۆ | نێوان گروپەکان | 15.56 | 5 | 3.11 | 0.180 | 0.970 |
| | | نێوخۆی گروپەکان | 4561.09 | 264 | 17.28 | | |
| | | گشتی | 4576.65 | 269 | | | |
| | لە نێو زانکۆ | نێوان گروپەکان | 183.16 | 5 | 36.63 | 1.417 | 0.218 |
| | | نێوخۆی گروپەکان | 6826.78 | 264 | 25.86 | | |
| | | گشتی | 7009.94 | 269 | | | |
| ڕاپەڕاندنی کارەکان | | نێوان گروپەکان | 140.39 | 5 | 28.08 | 1.981 | 0.082 |
| | | نێوخۆی گروپەکان | 3741.99 | 264 | 14.17 | | |
| | | گشتی | 3882.39 | 269 | | | |

**8.5.6.** بە مەبەستی وردبونەوەی زیاتر لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی (ڕەگەز و ئاستی خوێندەواریمان) لەسەر مۆدیلەکە دەرهێنا کە بەم شێوەیەی خوارەوە بون:

**أ. ڕەگەز:** بە مەبەستی دەرخستنی ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی ڕەگەز لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، دو گروپی (نێر ومێ) مان لەسەر مۆدیلی توێژینەوەکە پێناسەکرد وئەنجامەکانمان بۆ هەر دو گروپەکە دەرهێناو بەراوردمان کرد کە ئەنجامەکانی لە خشتەی خوارەوە خراوەتەڕو. وەکو لە خشتەی (15) دەبینرێت، لە ڕەهەندی کاریگەریی پەیوەندییەکان لە دەرەوە لەسەر ڕاپەڕاندنی کارەکان، بەهای (Z-Score=2.062) کە ئاستی بەڵگەدارییە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کاریگەری هیچ یەک لە دو گروپەکە بەڵگەدار نییە (P-Value>0.05) بۆیە ناتوانین بڵێن ئەم جیاوازییە ئامارییە. هەروەها سەبارەت بە کاریگەری پەیوەندییەکان لە نێو زانکۆ لەسەر ڕاپەڕاندنی کارەکان؛ وەکو لە خشتەی خوارەوە دەبینرێت، (Z-Score=0.656) کە کەمترە لە ئاستی بەڵگەداری، بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا نییە لەم ڕەهەندەدا.

خشتەی ژمارە (15): کاریگەری ڕەگەز لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

| کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر شوێنکەوتو | نێر | | مێ | | z-score |
|---|---|---|---|---|---|
| | بڕی کاریگەری | P | بڕی کاریگەر | P | |
| پەیوەندییەکان لە دەرەوە ---> ڕاپەڕاندنی کارەکان | 0.094 | 0.186 | -0.220 | 0.102 | -2.062 |
| پەیوەندییەکان لە نێو زانکۆ ---> ڕاپەڕاندنی کارەکان | 0.905 | 0.000 | 1.031 | 0.000 | 0.656 |

**ب. ئاستی خوێندەواری**: جیاوازیی نێوان دو ئاستی خوێندەواری (ئامادەیی وکەمتر) و (دبلۆم و زیاتر) یەکێک لەو ئامانجانە بو کە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا هەوڵیدا بزانێت چ ڕۆڵێکی لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە هەیە. بۆ ئەم مەبەستە لەسەر مۆدیلەکە دو گروپمان پێناسە کردو ئەنجامەکانمان بە جیا بۆ هەر دو گروپەکە دەرهێنا و پێکەوە بەراوردمان کرد. وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت لە هەر دو هێڵە ڕێگرێسیونیەکەی کاریگەری (پەیوەندییەکان لە دەرەوە لەسەر ڕاپەڕاندنی کارەکان) و (کاریگەری پەیوەندییەکان لە نێو زانکۆ لەسەر ڕاپەڕاندنی کارەکان) جیاوازییەکی بەڵگەدار لە نێوان دو ئاستە خوێندەوارییەکەدا نییە لە ئاستی گومانی (0.05). بەڵام لە ئاستی گومان (0.10) دا جیاوازییەکی بەڵگەدار هەیە لە نێوان دو ئاستەکەدا، بە چەشنێک کە وەکو لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، پەیوەندییەکان لە نێو زانکۆ بڕی (1.133) لادانی پێوەری بەشێوەی بەڵگەداری ئاماری کاریگەری لەسەر ڕاپەڕاندنی کارەکان هەیە لای گروپی (ئامادەیی و کەمتر)، بەڵام بڕی ئەم کاریگەرییە بۆ گروپی (دبلۆم و زیاتر) بەشێوەی بەڵگەدار بریتییە لە (0.787) لادانی پێوەری. واتە بڕی کاریگەرییەکە لای گروپی یەکەم زیاترەو ئەمەش لەڕوی ئامارییەوە لە ئاستی گومانی (0.10) بەڵگەدارە.

خشتەی ژمارە (16): کاریگەری ئاستی خوێندەواری لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

| کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر شوێنکەوتو | ئامادەیی و کەمتر | | دبلۆم و زیاتر | | z-score |
|---|---|---|---|---|---|
| | بڕی کاریگەری | P | بڕی کاریگەر | P | |
| پەیوەندییەکان لە دەرەوە ---> ڕاپەڕاندنی کارەکان | -0.053 | 0.476 | -0.007 | 0.941 | 0.370 |
| پەیوەندییەکان لە نێوزانکۆ ---> ڕاپەڕاندنی کارەکان | 1.133 | 0.000 | 0.787 | 0.000 | 1.875* |

**نۆیەم: ئەنجام ڕاسپاردە پێشنیار**: لە کۆتایی توێژینەوەکەدا توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

### 9.1. ئەنجام:

1. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان کارمەندانی یەکە کارگێڕییەکانی سەربە دیوانی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین لە ئاستێکی بەرزدان.
2. کارمەندانی یەکە کارگێڕییەکانی سەربە دیوانی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین، سەرباری ئەوەی کە بەهۆی پەیوەندییە فەرمییە کانیانەوە، چەندین پەیوەندی کۆمەڵایەتی نافەرمیان لە نێوانیان دروست بوە، ئەو پەیوەندییە درێژبونەتەوە لە دەرەوەی دامەزراوەی زانکۆش پەیوەندییەکانیان بەردەوەم دەکەن.
3. دەرکەوت کە ئاستی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان لەلایەن کارمەندانی یەکە کارگێڕییەکانی سەربە دیوانی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین. لە ئاستێکی بەرزدایە.

4. پەیوەندییەكی ڕاســـتەوانەی كاریگەر هەیە لە نێوان پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان وڕاپەڕاندنی ئەركەكان لەنێو زانكۆدا هەیە كە تاكو پەیوەندی نێوان كارمەندان ئاســتەكەی بەرز بێت، ئاســتی ڕاپەڕاندنی ئەركە كەنیشیان بەرزدەبێتەوە.
5. دەركەوت كەوا پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی كارمەندان كە لە دەرەوەی زانكۆ هەیانە، هیچ كارگەرییەكی لەسە ڕاپەڕاندنی ئەكەكانیان نییە لە نێو زانكۆدا.
6. دەركەوت كەوا (جیاوازی تەمەن و باری كۆمەلایەتی، ئاســـتی خوێندەواری، ماوەی خزمەت) هیچ كاریگەرییەكیان نییە لەســـەر پەیوەندییە كۆمەلایەتییەكان و ڕاپەڕاندنی ئەركەكانی كارمەندانی یەكە كارگێڕییەكانی سەربە دیوانی سەرۆكایەتی زانكۆی سەلاحەددین،
7. ڕەگەز یەكێک بو لەو گۆڕاوانەی جیا لە گۆڕاوە دیمۆگرافییەكانیتر جیاوازی لە نێوان (نێر و مێ) دا هەیە لە ســـەر ئاســـتی پەیوەندییە كۆمەلایەتییەكان لەدەرەوەی یەكە كارگێڕییەكانی ســـەربە دیوانی ســـەرۆكایەتی زانكۆی ســـەلاحەددین، كە جیاوازییەكە لە بەرژەوەندی ڕەگەزی نێر دایە، بەلام ئەم جیاوازییە لە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی نێوان كارمەندا لە نێو زانكۆ بەدیناكرێت، ئەوە دەمانگەیێنێتە ئەو ئەنجامەی كەوا، كولتوری باو ڕێگە بە ڕەگەزی مێ نادات لە دەرەوەی فەرمانگەو دامەزراوەكی خۆی درێژە بە پەیوەندییە كۆمەلایەتییەكانی بدات.

### 9.2. ڕاسپاردە:

لە كۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا توێژەرانی ئەم بوارە ڕادەسپێرم بە ئەنجامدانی توێژینەوە لەم بابەتانەی خوارە كە خزمەتێكی زۆر بە كۆمەڵگەی كوردستان دەگەینن:

1. ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر لایەنە نەرێنییەكانی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان لە نێو دامەزراوەكاندا.
2. ئەنجامدانی توێژینەوە لە سەر پەیوەندی گەندەڵی كارگێڕی بە پە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانەوە.

### 9.3. پێشنیارەكان:

پێشـــنیار دەكەم بۆ بەرپرســـانی دامەزراوە حكومییەكانی هەرێمی كوردســـتان كەوا بایەخێكی زۆر بدەن بە ژینگەی كۆمەڵایەتی نێو دامەزراوەكان چونكە پەیوەندییەكی ڕاســـتەوخۆی هەیە بە بەرزبونەوەی ئاســـتی بەجێگەیاندنی كار وئەركان.

# The impact of social relations on Job performance in government institutions

(A field study on the employees of the administrative units of the Office of the Presidency of Salahaddin University – Erbil)

**Aram Ibrahem Hussen[1] - Ali Mohiaddin Qadir[2]**

[1+2]Sociology department, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

The aim of this study is to find out the effect of social relationships among employees of public institutions on the performance of their duties, as well as to present the level of social relationships of employees inside and outside the institutions. Then, based on the data obtained from the survey of 270 units, and then analyzed the data with statistical tools, it was concluded that informal social relationships have an impact on the performance of employees. There are also differences between men and women in the level of social relationships of employees outside the institutions.

**Keywords:** Social Relations, Employee, Job Performance, Institution.

## سەرچاوەکان

ئەحمەد، سامان حسین (2020) میتۆد و لێکۆڵینەوە: هەنگاوەکانی نوسینی لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی، سلێمانی: دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.

بۆتانی، دیار (2014) شیکردنەوەی داتای ئاماری، هەولێر: خانەی موکریانی.

بۆدۆن، ڕیمۆن وبۆریکۆ، فرانسوا (2019) فەرهەنگی ڕەخنەیی کۆمەڵناسی، وەرگێرانی: مستەفا غەفور، هەولێر: خانەی موکریان.

بۆکانی، سابیر (2020)، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، سلێمانی: خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا.

بەدەوی، ئەحمەد زەکی (2021) فەرهەنگی چەمک و زاراوەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، وەرگێرانی: محمد فاتح، بەرگی2، هەولێر: ئەکادیمیای کوردی.

خاڵ، شێخ محەمەد (2005) فەرهەنگی خاڵ، چاپی2، هەولێر: دەزگای ئاراس.

دەرگەڵەیی، دیندار حسین (2021) فەرمانبەر ماف و ئەرکەکانی، چاپی5، هەولێر: کتێبخانەی تەبایی.

ڕۆبینز، ستیڤێن (2012) تیۆری ڕێکخراو، وەرگێرانی: ئیسماعیل زراعی، هەولێر: دەزگای موکریانی.

شوانی، محمد (2015) سەرەتایەک بۆ نوسینی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، هەولێر: ناوەندی فێربون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

صادق، زانا مجید و ئەوانیتر (2020) تیۆری ڕێکخراو و ڕەفتاری ڕێکخراوەیی، هەولێر: نوسینگەی تەفسیر.

موکریانی، هەژار (1990) هەمبانەبۆرینە، تاران: سروش.

نورەیی، کاروان ئەحمەد (2021) میتۆدەکانی توێژینەوەی چەندێتی وچۆنێتی لە کاری کۆمەڵایەتی وکۆمەڵناسیدا، سلێمانی: چاپخانەی زانا.

ابو سليمان، عبدالوهاب ابراهيم (2005) كتابة البحث العلمي صياغة جديدة، طبعة7، الرياض: مكتبة الرشيد- ناشرون.

انجرس، موريس (2006) منهجية البحث العلمي في العلوم الانسانية، ترجمة: بوزيد صحراوي و اخرون، الجزائر: دار القصبة للنشر.

البرواری، ڕشيد ملا حسين احمد (2020) مناهج البحث العلمي في العلوم التربوية والنفسية، أربيل: مطبعة فيربون.

تركية, بهاءالدين (2002) الإحصاء الاجتماعي، دمشق: الأهالي للطباعة والنشر والتوزيع.

جرادات، ناصر واخرون (2012) اساليب البحث العلمي والاحصاء: كيف تكتب بحثا علميا، عمان: إثراء للنشر واتوزيع.

الحسن، احسان محمد (2005) مناهج البحث العلمي، عمان: دار وائل للنشر.

حياوي، نبيل عبدالرحمن (2021) مجموعة قوانين الخدمة المدنية والملاک والرواتب والانضباط وسائر تشريعات الوظيفية العامة، طبعة4، بغداد: المكتبة القانونية.

الدليمي، عصام حسن احمد و صالح، علي عبدالرحيم (2014) البحث العلمي اسسه ومناهجه، عمان- الاردن: دار الرضوان للنشر والتوزيع.

الدليمي، ناهدة عبد زيد (2016) اسس وقواعد البحث العلمي، عمان: دار صفاء للنشر والتوزيع.

الدمرداش، أحمد محمد (2018) جودة الحياة الوظيفية والأداء الوظيفي، القاهرة: دار الحكمة.

زرواتي، رشيد (2007) مناهج و ادوات البحث العلمي في العلوم الاجتماعية، الجزائر دار الهدى للطباعة والنشر.

سارانتاكوس، سوتيريوس (2017) البحث الاجتماعي، ترجمة: شحدة فارع، قطر: المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات.

الضامن، منذر (2007) أساسيات البحث العلمي، عمان: دار المسيرة للنشر والتوزيع.

عبدالحسين، لاهاي (2012) مصطلحات ونصوص سوسيولوجية باللغتين العربية والانكليزية، بيروت-لبنان: دار و مكتبة البصائر.

عبدالله، عبدالله خورشيد (2006) البيروقراتية ودورها في ادارة وتنظيم المؤسسات الحكومية، أربيل: مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر.

العيفة، محمد (2015) أثر العلاقات الانسانية على الأداء الوظيفي للعاملين، مجلة الباحث، جامعة قاصدي مرياح ورقلة، العدد15، ص: 127-137.

فيبر، ماكس (2011) مفاهيم اساسية في علم الاجتماع، ترجمة: صلاح هلال، القاهرة: المركز القومي للترجمة.

فيريول، جيل (2011) معجم مصطلحات علم الاجتماع، ترجمة: انسام محمد الاسعد، بيروت – لبنان: دار و مكتبة الهلال.

القصاص، مهدي محمد (2014) الإحصاء والقياس الاجتماعي، بغداد: دار نيبور للطباعة والنشر.

لطفى، طلعت إبراهيم (2007) علم الاجتماع التنظيم، القاهرة: دار غريب للطباعة والنشر.

لمياء، عباسة (2019) أثر العلاقات الاجتماعية على أداء العاملين داخل المؤسسة، رسالة ماجستير غير منشورة، الجزائر: جامعة عبدالحميد بن باديس – مستغانم.

مارشال، جوردون (2001) موسوعة علم الاجتماع، مجلد3، ترجمة. محمد محمود الجوهرى، القاهرة – مصر: المركز القومى للترجمة.

المرغني، اسمهان البشير و اللافي، ليلى محمد (2021) العلاقات الاجتماعية و انعكاساتها على مستوى الأداء الوظيفي: دراسة ميدانية على موظفى كلية التربية الزاوية، مجلة كليات التربية بجامعة الزاوية- ليبيا، العدد 20، ص: 176- 206.

النجار، صباح أحمد محمد (2013) العلاقات السوسيومترية في الجماعات الصغيرة، عمان-الأردن: دار الحامد للنشر والتوزيع.

Agresti, Alan & Finaly Barbara (1996) Statistical Methods for the Social Sciences, 3rd ed, USA: Prentice Hall.

Barbosa, Diana Escandon et al (2019) Exploring the Relationship between Formal and Informal Institutions, Social Capital, and Entrepreneurial Activity in Developing and Developed Countries, Sustainability, MDPI, No.550, pp: 1-20.

Etzioni, Amitai (1964) Modern Organizations, USA: Prentice-Hall.

Finch, W. Holmes & French, Brian F. (2019) Educational and Psychological Measurement, New York & London: Routledge.

Freedman, David A. (2010) Statistical Models and Causal Inference: A Dialogue with the Social Sciences. UK: Cambridge University Press.

Hanneman, Robert A. et al (2013) Basic Statistics for Social Research, San Francisco: Jossey – Bass.

Javadian, Seyed Raza and Hosseini, Atefea (2020) The Relationship between Social Support and Job Performance of Social Workers, Journal of Social Behavior Research & Health (SBRH), Vol. 4, No. 1, pp: 480-486.

Webster, Merriam (2014) Webster new learners dictionary, India-New Delhi: Replika press pvt. Ltd

- **پەراوێزەکان**
- [(1)] ئەم داتایە لە هۆبەی ئاماری سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر بۆ ساڵی 2022 وەرگیراوە